nofitstate circus

## ئاگاداری بۆ داخستنی ڕێگاوبان، شەممە ٢ ی ئەیلول

### شەقامی کلیفتۆن

### نەخشەی داخرانی ڕێگە

سوور :شوێنی قەپاتبوونی ڕێگە لە کاتژمێر ١١ی بەیانی تا ١٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆ ڕێکەوتی شەممە ٢ی ئەیلول .

سەوز :ئەم ناوچەیە کاریگەری وەرنەگرتووە و بەردەستە .




NoFit State, Four Elms Road, Cardiff, CF24 1LE, Wales
+44 (0)2920 221330
www.nofitstate.org

ژمارەی خێرخوازی تۆمارکراو 1102850
ژمارەی کۆمپانیای تۆمارکراو 3180348

nofitstate circus

دانیشتووە بەڕێزەکانی ئادمزدوان (Adamsdown)،

## ئاگاداری بۆ داخستنی ڕێگاوبان

**شەقامی کلیفتۆن**

**شەممە ٢ ی ئەیلول**

**داخستنی ڕێگاکان کاتژمێر ١١ ی بەیانی تا ١٢:٣٠ی شەو**

پاش سەرکەوتنی فێستیڤاڵی شەقامی کلیفتون لە هاوینی ڕابردوو، هاوبەشی کۆمەڵایەتی'سکوێر مایل' بانگهێشتتان دەکات بۆ ئەوەی بە خۆڕایی بەشداریمان بکەن لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دەرەوە –سەیرانێکی گەورە –بە ناوی **Gwledd Parc Feast**، لە ڕۆژی شەممە ٢ی ئەیلول لە ئەندەرسۆن فیڵدز، کاتژمێر ١٢:٣٠ تا ٤:٣٠ی پاشنیوەڕۆ.

**نمایشێک بەدرێژایی شەقامی کلیفتۆن بەڕێوە دەچێت** (لە شەقامی گۆڵدەوە) تا **ئەندەرسۆن فیڵدز** دەبێت، کە کاتژمێر 12ی شەو تەواو دەبێت.

نۆفیت ستەیت داوای کردووە لە ئەنجومەن بەشێک لە شەقامی کلیفتون لەم ڕۆژەدا قەپات بکات بۆئەوەی بۆنەکە بە سەلامەتی لە کاتژمێر ١١:٣٠ بیانیەوە بەڕێوە بچێت.

ئەم شوێنە لە **کاتژمێر ١١ی بەیانی تاکوو ١٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢ ی ئەیلول** قەپات دەکرێت و بەشێک لە شەقامەکانی کلیفتۆن وەک شەقامی گۆڵد (Gold) و سافایەر (Sapphire) تاکوو شەقامی ئایرەن (Iron) و دایمۆند (Diamond) دەگرێتەوە. دەستڕاگەیشتن بە شەقامی سافایەر، شەقامی ئیمرالد (Emerald)، شەقامی ڕوبی (Ruby)، شەقامی تۆپاز (Topaz) و شەقامی دایمۆند لەڕێگەی شەقامەکانی ڕووبەڕووە بەبێ هیچ لەمپەر و بەربەستێک بۆ لای چوارڕێ بەرچاوەکان مومکینە. تکایە سەردانی نەخشەی خوارەوە بکە.

بە مەبەستی ئامادەبوون بۆ ئەم ڕۆژە، وردەوردە دەستڕاگەیشتن بە گەراجەکان بەرەو بەشە پەیوەستەکان لە شەقامی کلیفتون سنووردار دەکەین و بە میهرەبانی داوات لێدەکەین لە ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە شوێنەکانی تایبەت بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام خۆببوێرن. لە هەموو شەقامە لاوەکییەکان گەراج بەردەستە.

**Gwledd Parc Feast** بۆنەیەکی بچووک دەبێت کە لە ئەندەرسۆن فیڵدز بەڕێوە دەچێت لەگەڵ خواردن، مۆسیقای ڕاستەوخۆ، چەندین نمایش و چالاکی بۆ ئاهەنگگێڕانی **کۆمەڵگەکانی جۆراوجۆری سپلات، ئادەمزداون و ترێمۆرفا کە سکوێر مایلی ئێمە پێکدەهێنن**. چالاکییەکە بەربڵاو و فرە کولتوری و دۆستی خێزان دەبێت – بەخۆڕایی بەڕێوە دەچێت، و هەموکەس دەتوانێت بەشداری تێدا بکات!

لە ئێستادا ئەو هاوبەشانەی لەم ڕووداوەدا هاریکاریمان دەکەن بریتین لە: ئەندامانی ئەنجومەنی ئادەمزداون: ئۆوێن جۆنز؛ گرەیس فێرگۆسن- تۆرن، قوتابخانەی سەرەتایی ئادەمزداون، کۆمەڵەی نیشتەجێکردنی کۆمەڵگەی کاردیف (CCHA)، داهێنەرانی ئازاد: ئەی ئێف ماوگران؛ فرانسیس ماکسی، ستەیسی بلایس، گرین سکوێرل، لاماو، ئەفسەرانی پشتیوانی کۆمەڵگەی پۆلیسی ناوخۆیی [Local Police Community Support Officers یا خود (PCSOs)]، کۆمەڵگەی ویلایەتی نۆفیت، ئۆسیس، ئەنجومەنی پەنابەرانی وێڵز(Welsh Refugee Council)

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر یان هەر پرسیارێک، تکایە پەیوەندی بکە بە ئێمەوە بە ئیمەیڵی dann@nofitstate.org، یان بە تەلەفۆن کردن بە ژمارە تەلەفوونی 02920 221330 ، یان لە ڕێگەی ژمارە واتساپی 07500970567، و یان سەردانی بینای ئێمە بکە لە Four Elms Road بۆئەوەی خۆت قسەمان لەگەڵ بکەیت.

بە هیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانت،

کەیت پەر، بەڕێوەبەری بەرنامەی کۆمەڵایەتی
ئێڤی دەیڤز، بەڕێوەبەری بەرنامەی کۆمەڵایەتی

جۆ تایلۆر ،
بەڕێوەبەری پرۆژەی کۆمەڵگە